گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# گومەزەکانی گۆڕستانی شێخ شێروان

## (توێژینەوەیەکی مەیدانی شیکاریە)

**م.ی. جەنگی زرار کوردە**
بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
jange.khudhur@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٤/٢/٢٥
پەسەندکردن:٢٠٢٤/٤/٤
بڵاو کردنەوە:پایز٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*dome, cemetery, Sheikh Sherwan Village, architectural elements, grave.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.3.25

**پوختە**

گۆڕستانی شێخ شێروان دەکەوێتە سنوری گوندی شێخ شێروان کە سەر بە ناحیەنی شەمامکە، بە ئاڕاستەی باشوری ڕۆژئاوای شاری هەولێر بە دووری نزیکەی (٣٢کم). یەکێک لە گۆڕسیانە بەناوبانگ و دێرینەکانی ئەو شارە.

هەڵبەتە تا ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی ئەکادیمی و کنەوپشکنینێک سەبارەت بە گومەزە شوێنەوارەکانی ئەو گۆڕستانە ئەنجام نەدراوە و بەدروستی نازاندرێت سەرەتای دروستبوونی ئەو گۆڕستانە بۆ چ سەردەمانێک دەگەڕێتەوە، سەباری ئەوەش لە هیچ سەرچاوەیەکیش ئاماژە بۆ ئەو مەبەستە نەکراوە، بەڵام ئەوەی هەیە لەسەر ڕووی بەشی ژوورەوەی دیواری گومەزی (دەروێش عبدالله ئەندەلوسی) مێژووی (١١١٤ک/١٦٩٤ز) تۆمار کراوە، تا ئێستا هیچ نووسێنێکی کۆنتر لەو مێژووە نەدۆزراوەتەوە.

لەم توێژینەوەیە هەوڵدراوە بەشێوەیەکی زانسی تیشک بخرێتە سەر گومەزەکانی ئەو گۆڕستانە کە نزیکەی لە حەوت گومەز پێکهاتوون (یەکێک لەو گومەزانە مێژووی دروستکردنەکەی تازەیە، واتا بە شوێنەوار هەژمار ناکرێت) و لە شێوەو قەبارەوە تاڕادەیەک لەکتر جیاوازن، هەر بۆیەش ئەم گۆڕستانە بە گۆڕستانی حەوت گومەزیش ناو دەبردرێت.

بەشێک لە گومەزەکان کاری نۆژەنکردنەوەیان بۆ کراوە، بەڵام لەلایەن کەسانی پسپۆڕ ئەنجام نەدراوە، بەڵکو گوندنشینانی شێخ شێروان خۆیان بەم کارە هەڵساون، بەشێوەیەک کە کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر ڕەسەنایەتی شوێنەوەرەکانی ئەو گۆڕستانە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆیە خاڵی سەرەکی لەم توێژینەوە مەیدانیەدا کە جەختی لەسەر کراوەتەوە بریتیە لە شێوەو پلانی گومەزەکانی ئەو گۆڕستانەیە، وەشیکاری ڕەگەزی بیناسازی بۆ گومەزە شوێنەوارەکانیان کراوە، ئەگەرچی ئەو گومەزانە بەشێوەیەکی گشتی لە ڕووی زەخرەفەوە هەژارن، بەڵام شیکاری بۆ ئەو برە زەخرەفانەش لەیاد نەکراوە کە لە گومەزەکان دروستکراون، جا چ زەخرەفەی رووەکی، هەندەسی یان زەخرەفەی نووسین بێت.

ئەو جۆرە کەرەستانەی کە لە گومەزەکان بەکارهاتوون بریتین لە خشتی سورەوەکراو بە شێوە و قەبارەی جیاواز، لەگەڵ گەچ کە بۆ داپۆشینی ڕووی دەرەوە و ناوەوەی گومەزەکان بەکارهاتوون.

## پێشەکی

گۆڕستان و مەزارگەکانی جیهان لەگشت شارستانیەتەکانی ڕابردووی مرۆڤایەتی، هەمیشە لەژێر سێبەری بیروباوەڕی ئاینی و بەفۆڕم و نەخشەی جیاواز لەگەشەسەندن بەردەوام بوونە، بەشێوەیەک کە ئایین بەکرۆک و هەردوو لایەنی تەلارسازیی و مێژوویش لەخاڵە گرنگەکانی گۆڕستانەکان هەژماردەکرێن، بێگومان هەر لە دێرینەوە شوێنی پشوودانی کۆتایی مردووەکان خەیاڵی خەڵکی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە و گەلێک چیرۆکی سەرنج ڕاکێشی لەناخیدا هەڵگرتووە، بۆیە لەزۆربەی کولتوورەکاندا مەزارگە و گۆڕستانەکان وەک شوێنێکی پیرۆز سەیر دەکرێن کە ڕۆحی مردووەکانیان تیایدا نیشتەجێیە، بەجۆرێک کە خێزانەکان بە بەردەوامی سەردانیان دەکەن بۆ ڕێزگرتن و لەیادنەکردنیان، بۆ نموونە لە شارستانیەتی میزۆپۆتامیا هەر لەسەرەتاوە باوەڕیان بە بوونی ژیانێکی تر هەبووە لە دوای مردنی مرۆڤ(نائل،1986، 275)، ئەمەش وای لێکردوون مردووەکانیان بخەنە ناو گۆڕی تایبەتەوە بۆ ئەوەی جەستەیان بپارێزن، پاشان شتومەکی گونجاویان لەگەڵ مردووەکانیان داناوە کە پێوەست بوون بۆ ژیانی دوای مردن، بەتایبەتی دەفرەکانی خواردن و خواردنەوە.(جورج، 1986،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

497). بەڵام ئاینی ئیسلام هەروەک چۆن لە بیروباوەڕ و داب و نەریت و تێڕوانین بۆ هەموو بوارەکانی ژیان لە ئاین و بیرو باوەڕەکانی تر جیاواز بووە، بەهەمان شێوەش لە ناشتن و بەخاک سپاردنی مردووەکانیش جیاوازی هەبووە، ئەویش بە مەڕاسیمی تایبەت و شێوازی هەڵکەندنی قەبرەکان و پاراستنیان و دانانی ڕێز و شکۆمەندی بۆ مردووەکان و شێوازی ناشتنیان، کە بێگومان لە ئاکارە بەرزەکانی ئەو ئاینە داندراوە، بۆیە گۆڕستانەکانی سەردەمی شارستانیەتی ئیسلامی تەواو جیاواز بوون لەگەڵ گۆڕستانەکانی پێش هاتنی ئیسلام. (الداودي، ٢٠١٧، ٧٦١)

بۆیە گۆڕستان لەزانستی شوێنەواریدا بەهایەکی بێشوماری هەیە، وە دەتوانین بڵێن مەزارگەکان ڕۆڵێکی شکۆمەندانە دەگێڕن لە پاراستنی شوێنەوارە مێژووییەکان و ناساندنی میراتی کلتووری نەتەوە جیاوازەکان، بەشێوەیەک کە هەر لە چوارچێوەی مەزارگەکان جگە لە گومەز و هونەری بیناسازی زۆرجار نووسین و هێما و نەخش و زەخرەفەی ئاڵۆزشیان تێدا بەجەستەکراوە، ئەمەش وەک تێڕوانینێکی دروست لەسەر بیروباوەڕ و داب و نەریتی شارستانیەتەکانی ڕابردووی مرۆڤەکان پێشکەش بە نەوەکانی داهاتوویان کراوە بۆ ئاشنا بوون بەکلتوورە جیاوازەکان.

## پێناسی گومەز (قوبە)، مەزارگە (گڵکۆ):

### گومەز (قوبە)

یەکێکە لەو ڕەگەزە بیناسازیە تایبەتیانەی کە بە درێژایی سەدەکان بۆ داپۆشینی بنمیچی زۆرێک لە کۆشک و باڵەخانە و مەزارگەکان بەکارهاتووە، لە سادەترین شێوەی خۆیدا لە شێوەکانی (نیوەگۆیی، پیازی، مخروتی، تیژ)دا دەردەکەوێت کە لە بەشی ناوەوەی چاڵ بۆتەوە و لەبەشی دەرەوەشی دەرپەڕیوە، هەڵگری سەرەکی گومەزەکانیش بریتین لە ستوون و دیوارەکان، وە بەشێوەیەکی گشتی لە کەرەستەی جیاواز دروست دەکرێت، سەبارەت بە سەرەتای دەرکەوتنیشی بەو پێیەی لە میزۆپۆتامیا و ڕۆژهەڵاتی نزیکەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە دەتوانین بڵێین کە لانکەی سەرەتایی گۆمەزەکان بۆ شارستانیەتی میزۆپۆتامیا دەگەڕێتەوە، دواتر لە هونەری تەلارسازی سەردەمەکانی ڕۆمانی(٢٧پ.ز-٤٧٦ز) و بیزەنتین(٣٩٥-١٤٥٣ز) و ساسانیش(٢٢٤-٦٥١ز) ناسراو بووە و لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤاریکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باڵەخانەکانیاندا بەکاریان هێناوە، وە لە شارستانیەتی ئیسلامیشدا گومەز لە تەلارسازی پێگەیەکی بەرچاوی هەبووە، بەتایبەتی لە سەردەمی ئومەوی(٤١-١٣٢ ک/ 662- 750ز)، عەباسیەکان(١٣٢-٦٥٦ک/750-1258ز)، دواتر لە سەردەمی عوسمانیەکان(١٢٩٩-١٩٢٣ز) دەگاتە لووتکە، وە کۆنترین نموونەی گومەزی سەردەمی ئیسلامی بریتیە لە گومەزی صخره (القبة الصخرة). (الحداد، ١٩٩٨، ١٠٩)

گومەزەکان لە شارستانیەتی ئیسلامی بەتەنها وەک ڕەگەزێکی بیناسازی و چارەسەرێکی ژینگەیی و کەشوهەوا سەیر نەدەکرا، جیا لەو ئەرکانەی، ڕەهەندێکی ڕوحی و دەروونیشی هەبووە، کە زۆرجار وەک بۆشاییەک سەیر دەکرا کە هێمای ئاسمانی دەگەیاند و پەیوەندی ئاسمان بە زەوی نیشان دەدا. (الجبلاوي، ٢٠٢١، ٤٠٢)


## مەزارگە، گڵکۆ

لە زاراوەی بیناسازی و شوێنەوارناسیدا، مەزارگە ئەو ژوورەیە کە گۆڕێک یان قەبرێک(کێلی گۆڕێک)ی تێدایە کە لەبەشی سەرەوەیدا بە گومەزێک داپۆشراوە.(الحداد، ١٩٩٣، ١٤) بێگومان زۆربەی کات دروست کردنی مەزارگەو گڵکۆ و گومەزی سەر قەبرەکان لە شارستانیەتی ئیسلامی، لەسەر گۆڕ یان شوێنی عیبادەت و مانەوەی کەسێکی خاوەن پێگەی ئایینی یان دونیایی دروست دەکرا بۆ یادکردنەوەی ئەو کەسە لە ناو کۆمەڵگای ئیسلامی و پاراستن و مانەوەی شوێنەوارەکانی، بەشێوەیەکی گشتی ئەم مەزارگانە لە ڕوانگەی بیناسازییەوە بەسەر دوو بەشدا دابەش دەبن: یەکەمیان سادە، کە پێکهاتووە لە یەک ژووری شێوە (چوارگۆشە، لاکێشە یان فرە گۆشە) داپۆشینی بە گومەزێک، بەبێ ئەوەی هیچ یەکەیەکی تری بیناسازی لەخۆ بگری، دووەمیشیان، بەشێک لە مەزارگاکان هاوپێچ لەگەڵ یاخوت لەتەک یەکەیەکی تری بیناسازی ئایینی(مزگەوت، قوتابخانە، تەکیە و خانەقا، هتد.) دروست دەکران.(روسية، ٢٠٠٣، ٨٥)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**گرینگی تویژینەوەکە:**

بێگوومان تائێستا هیچ نمونەیەکی شوێنەواری گومەزی سەر گۆڕستانەکانمان لەبەردەستدا نیە کە مێژووەکەی بگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هاتنی ئاینی ئیسلام، بەتایبەتی لەسەردەمەکانی پێغەمبەر (د.خ)،(١-١١ک/٦٢٢-٦٣٢ز) خەلیفەکانی ڕاشیدین(١١-٤١ک/٦٣٢-٦٦١ز) و دەولەتی ئەمەوی، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە پێغەمبەرمان (د.خ) لەچەند شوێنێک ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە کە نابێ بیناو تەلار لەسەر گۆڕەکان دروست بکرێن (أبي الهياج الأسدي قال: قال لي علي بن أبي طالب رضي الله عنه ألا أبعثك على ما بعثني عليه رسول الله صلى الله عليه وسلم: ألا أدع تمثالا إلا طمسته ولا قبرا مشرفا إلا سويته. رواه مسلم)(النيسابوری،1423 هـ، ٦٦٧ ) ، بۆیە گۆمەزی سەرگۆڕەکان لەو سەردەمانەی ئاماژەمان پێدان، هیچ کاریگەریەکی ئەرێنی نەبووە لەسەر بەرەوپێش بردن و گەشەکردنی ڕەوتی بیناسازی لە شارستانیەتی ئیسلامی دا.



نەخشەی گومەزی خاچی (قبة الصليبية) لە سامەڕا

بەڵام لەسەردەمەکانی دواتر بەتایبەتی لە سەردومی عەباسیەکان یەکەم نمونەی گومەزی سەر گۆڕمان بۆ ماوەتەوە، کە ئەویش قوبەی صەلیبیە لە شاری سامەڕا، بەکۆنترین قوبەی سەر مەزارگەیەک دادەندرێت کە تا ئێستا ناسیومانە لە شارستانیەتی ئیسلامی(فتيحة، ٢٠٠٧، ٨) . ئەم قوبە جێگەیەکی گرنگ و تایبەتی داگیرکردووە، نەک تەنها لە نێو شوێنەوارەکانی بیناسازی لە عێراقدا، بەڵکو لەنێو تەواوی شوێنەوارەکانی جیهانی ئیسلامی. ئەمەش لەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەو گومەزە بە کۆنترین شوێنەواری سەر گۆڕستانەکان دادەندرێت کە تاوەکو ئێستا مابێتەوە، و شێواز و نەخشەسازیەکەی تەواو نوێ بوو بۆ ئەوکات.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گومەزی صلیبیة لە سامەڕا کە لە ساڵی (٢٤٥ ک/٨٦٢ ز) لەسەر گۆڕی خەلیفەی عەباسی ئەلمونتسیر بیلا (٣٥٠-٣٦٦ک/٩٦١-٩٧٦ز) دروستکراوە(کرام، ؟، ٥٩). بینایەکی هەشتگۆشەیە کە لە ناوەڕاستیدا ژوورێکی شێوە چوارگۆشەیی هەیە کە شوێنی ناشتنی تەرمەکانە، لەبەشی سەرەوەشدا گومەزێک هەیە کە مەزارەکەی داپۆشیوە. (الشافعي، ٢٠١٨، ٤١٥)

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەی پێکهاتووە لە پێشەکی و دەستپێک، کە تیایدا پێناساندنێکی سەرەتایی کراوە دەربارەی گومەز و مەزارگە لە هونەری بیناسازی و شارستانیەتی ئیسلامی، دواتر بەشێوەیەکی پوخت باسی گەشەسەندنی گومەز و مەزارگە کراوە لە شارستانیەتی ئیسلامی، وەهەروەها لەتەوەرەکانی تردا تیشک خراوەتە سەر لایەنی مێژوویی و شوێنی جوگرافی گومەزەکانی گۆڕستانی شێخ شێروان، وە لەکرۆکی لێکۆڵینەوەکەمان بە شێوەیەکی چڕ دیدو بۆچونمان خستۆتە سەر پێکهاتە ونەخشەو یەکە بیناسازیەکانی گومەزەکان و هەوڵمانداوە بەشێوەیەکی زانستانە شیکردنەوەیان بۆ بکەین.

**ڕێبازی توێژینەوە:**

لەتوێژینەوەکە بەشیوەیەکی سەرەکی گرینگی دراوە بەلایەنی مەیدانی لەپێناو وەرگرتنی زانیاری و یاداشتکردنی نەخشەو پێوانەکردنی یەکەکانی بیناسازی گومەزەکان بەشێوەیەکی دروست، بۆ ئەوەی زیاتر تێکەڵ بین لەگەڵ شوێنەواری گومەزەکان خۆمان کارەکانی مەیدانی (پێوانە، وێنە، نەخشە)مان ئەنجامداوە.

**سەرچاوەکانی توێژینەوەکە:**

لەبەرئەوەی تائێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەسەر بابەتی توێژینەوەکەمان ئەنجام نەدراوە بۆیە لەڕووی سەرچاوەوە بەشیوەیەکی سەرەکی پشتمان بەستووە بەو کارە مەیدانیەی لەسەر گومەزەکان بەشێوەیەکی کرداری ئەنجامان داوە، بەڵام بۆ شیکار کردنی ڕەگەزەکانی بیناسازی وەک (دەوازە، دەلاقە، گومەز) سەرچاوەی گونجاوی ئەو بوارەمان بەکارهێناوە، جگە لەوەش ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زانیاریانەش فەرامۆش نەکراون کە لەئەنجامی شێکاری گومەزەکان و بەراوردکاری لەگەڵ گومەزەکانی تری شارستانیەتی ئیسلامی بەدەستهاتوون.

**کێشەو گرفتی توێژینەوەکە:**

لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەمان کێشەو گرفتی زۆر ڕوبەڕومان بویەوە، لەوانە نەبوونی سەرچاوە دەربارەی ئەو گۆڕستانە، کە گرفتی سەرەکی توێژینەوەکەمان بوو، بەڵام ئەوکێشە سەرەکیەی کە شایانی باسکردن بێت و زۆر ئازاربەخش بوو بۆ شوێنەوارناسان، بریتیبوو لەو دەستکاریە نازانستیانەی لەکاتی چاکردنەوەی گومەزەکان ئەنجام دراون کە تاڕادەیەکی زۆر بۆتە هۆی شێواندنی سیما ڕەسەنەکەی و کەم کردنەوەی بەها شوێنەواریەکەی ئەو گومەزانە، کە ڕەنگە ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی ئەرشیف نەکرێن ئەوا لە داهاتوو بەتەواوەتی تازەگەری بۆ بکرێ و بەها شوێنەواریەکەی لەدەست بدات.

**تەوەری یەکەم:**

**گەشەسەندنی گومەزی گۆڕستان لە بیناسازی ئیسلامی:**

هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوەکرد کە لەسەرەتای هاتنی ئایینی ئیسلام، بەتایبەتی لەسەردەمی (پێغەمبەر، خەلیفەکانی ڕاشیدین و ئەمەویەکان) هیچ نموونەیەکی گومەزی سەر گۆڕەکانمان بۆ نەماوەتەوە، بێگومان ئەویش لەبەر چەند هۆکارێک بووە، دەتوانین بەشێوەیەکی پوخت ئاماژەیان بۆ بکەین، لەسەرەتادا دەبێت ئەوە بڵێین کە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئابووری ئەوکات تاڕدەیەک لەبار نەبوو بۆ ئەو شتانەی کە لەڕوانگەی ئایینیەوە لاوەکین و سەرەکی نین، بەڵکو لەو کات پێغەمبەر و هاوەڵانی هەمیشە سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی ئایین بوون و بیرو هۆشیان لای تێگەیاندن و چەسپاندنی بنەماکانی ئەو ئایینە تازەیە بووە، واتا جگە لە چەسپاندنی بنەماکان ئایین نەپرژاونەتە سەر کارەکانی تر، هۆکارێکی تر ڕەنگە پیوەندی بە عقیدە و بیرو باوەڕەوە هەبووبێت، بەتایبەتی لە کۆمەڵگای عەرەبی کە لەسەر پەرستنی پەیکەر و دانانی هاوبەش بۆ خودا ڕاهاتبوون، دەبوایە هەرگیز هەنگاوێک نەهاوێژن کە ببێتە ڕێخۆشکەر و نزیک بوونەوە لە بیرو باوەڕی کۆنیان. بۆیە بەشێک لەزانایان لەسەر ئەو باوەڕەن کە لەڕوانگەی ئاینیەوە نادروستە، هەرچەندە لە قورئانی پیرۆز ڕاسەوخۆ ئاماژەی بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نادروستی گومەزی سەر قەبر و گۆڕستانەکان نەکراوە، بەڵام لە هەندێک لە فەرموودەکانی پێغەمبەر بەکارێکی نادروست داندراوە.

ئەوەی لەسەرەوە باسمان کرد ڕەنگە بۆ سەردەمی پێغەمبەر(د.خ) و خەلیفەکانی ڕاشیدین گونجاو بێت، بەڵام بۆ سەردەمی ئەمەویەکان لەوانەیە تاڕادەیەک لۆژیکی نەبێت، لەبەر ئەوەی دەوڵەتی ئەمەوی لەو سەردەم لە لایەنی سیاسی و سەربازی و ئابووریەوە گەشەی بەچاوی بەخۆیەوە بینیبوو، لەلایەکی تریشەوە دوای داکوتانی ڕەگ و ڕیشەی یەکتاپەرستی ترسی گەڕانەوە بۆ پەیکەر پەرستی و دانانی هاوبەش زۆر لاواز بوو بوو، وەهەروەها دروست نەکردنی گومەزەکانی سەر قەبرەکان لەسەردەمی ئەمەویەکان، ڕەنگە لەبەر پابەند بوونیشیان بە ئاینەوە نەبووبێت، چونکە خەلیفەکانی ئەمەوی لەکۆشکەکانی تایبەت بەخۆیان دەستیان بۆ زۆر کاری نەشیاو بردوە کە لەگەڵ ئاینی ئیسلام نەدەگونجا وەک ڕازاندنەوەی بەشی ناوەوەی ڕووی دیواری کۆشکەکان بە وێنەی ئافرەتی ڕووت، بەتیبەت لەسەر دیواری گەرماوەکان، بەڵام ئەگەر لەگۆشە نیگایەکی ترەوە سەیری ئەوبابەتە بکەین، لەسەرچاوە مێژوویەکان باس لە لەوەکراوە کە لەگەڵ کۆتایی هاتنی فەرمانڕەوایی ئەمەویەکان و هاتنی عەباسیەکان بۆ سەر شانۆی دەسەڵات، لایەنگران و دەسەڵاتدارانی عەباسیەکان دەستیان کرد بە وێرانکردنی هەموو گۆڕەکانی بەرپرسان و خەلیفەکانی ئەمەویەکان و لەگەڵ ئاستی زەوی ڕاستیان کرد تاوەکو بەیەکجار شوێنەواریان بسڕنەوە، هەر بۆیە دواتر عباسیەکانیش لەسەرەتادا گۆڕی خەلیفەکانیان لەناو کۆشکەکان هەڵدەکەند، هەروەک چۆن خەلیفە معتصم لە کۆشکی جەوسق خاقانی لەسامەراء نێژدرا (نورثیدج، ٢٠٠٣، ١١٦)، وە خەلیفە واثق( ٢٠٠-٢٣٢ هـ/ ٨١٦-٨٤٧ز) لە کۆشکی هارون (crezwll,1979, 285) و خەلیفە متوکلیش(٢٣٢-٢٤٧ک/٨٤٧-٨٦١ز) لە کۆشکی جعفریة وەخەلیفەکانی مکتفي(٢٨٩-٢٩٥ک/٩٠٢-٩٠٨ز)و معتضد(٤٣٣-٤٦١ک/١٠٤٢-١٠٦٩ز) لە کۆشکی طاهري لە بەغدا نێژراون، یاخوت ئەگەر لە دەرەوەی کۆشەکەکانیش نێژرابان، هەڵدەستان بە لێدانی ڕێژەیەکی زۆر لە قەبر، وە بەنهێنی لاشەی خەلیفەیان لەیەکێک لەو گۆڕانە دەشاردەوە لەترسی ئەوەی نەوەک وەکو خەلەفەکانی ئەمەوی لەلایەن ناحەزەکانیانەوە گۆڕەکانیان خاپور بکرێن، هەندێک جار ڕێژەی قەبرە ئامادەکراوەکان بۆ ئەو مەبەستە دەگەیشتە زیاتر لە سەد گۆڕ. (الحداد، ١٩٩٣، ٣٧)

**گۆڤاری قەڵای زانست**


گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## تیشکێک لەسەر گوندی شێخ شێروان و گۆڕستانەکەی

بەپێی بۆچونی خەڵکی گوندەکە سەبارەت بەناوی لادێکەیان کە لەچیەوە هاتووە، دەڵێن لەو گوندە شێخێکی ناوداری لێبووە بەناوی شێخ شێروان یان شێخ شەروان، بەجۆرێک کە خەڵکی ئەو ناوچەیە رێزێکی زۆریان لێگرتووە و دوای مردنی لەبەر خۆشەویستییان بۆ ئەو شێخە ناوی ئەو گوندەیان هەر بەناوی ئەوشێخەوە ناوناوە، یاخوت ناویستانە ئەو ناوە سەپێندراوە بەسەر ئەو گوندە، وەک بلێی ئەو گوندە بەو شێخە ناسراو بێت، بەشێوەیەک کە پرسیویانە کام گوند، لەوەڵمدا ووتوویانە گوندەکەی شێخ شێروان، بەو جۆرە ئەو ناوە بڕاوەتەوە بەسەر ئەو گوندە.



دووری گۆڕستانی شێخ شێروان لە شاری هەولێر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەربارەی شوێنی جوگرافی، ئەوا ئەم گوندە دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای شاری هەولێر بە دووری نزیکەی (٣٢کم). لەڕووی کارگێڕیەوە ئەو گوندە دەکەوێتە سنووری ناحەیەی شەمامک(ناحیەی شەمامک سەربە ناوەندی پارێزگای هەولێرە، نزیکەی ٦٤ گوند دەکەونە سنوری ئەو ناحیەیە، وەژمارەی دانشتوانەکەشی بە (٢٣٦٦٩٣) کەس خەمڵێندراوە، لە بەشی باشووری شێخ شێروان، گوندەکانی (بەرزەوار، حەسارۆکان، شۆریجە، مەلاقەرە و بەرزاییەکانی زوورگەزراو) هەیە، وەلە بەشی باکوور چیای قەرەچوغ و لە ڕۆژهەڵاتیش گوندەکانی (سیاو، هێلەوە، عنلیاوە)، بەڵام لە ڕۆژئاواوە گوندی عەوێنە هەیە تا دەگاتە زێی بچووک(غفور، ٢٠١٥، ٥٩). شایانی باسە کە ئەم گوندە شوێنێکی گرنگ و لەباری هەیە بۆ کشتوکاڵ کردن و ئاژەڵداری، بەجۆرێک کەخاکەکەی زۆر بە پیتە و ساڵانە بڕێکی زۆر لە دانەوێڵە بەرهەم دێنێت.



گوندی شێخ شێروان، www.google earth.com

لەڕووی مێژووییەوە ئەو گوندە لەشوێنێکی دێرین هەڵکەوتووە، هەروەک باس دەکرێ لە دەوروبەری ئەو گوندە شارۆچکەیەک یان گوندێکی شوێنەواری زۆر گرنگ هەبووە بەناوی (شابان شارە، شەعبان شارە)،(عبدالله، ٢٠٠٩، ٤١٠) وە دانیشتوانەکەی جولەکە نشین بوونە، بەشێک لە خەڵکی بەتەمەنی ناوچەکە تا بەودوایەش شوێنەواری شابان شارەیان دیبوو، وەهەروەها لەم گوندە جولەکە نشینە گۆڕستانێکی تایبەت بەخۆیان هەبووە، بەڵام ئێستا شوێنەواری شارۆچکە و گۆڕستانەکەیان بەتەواوی دیار نەماوە، ئەگەر لە داهاتوو تیمێکی شوێنەواری ڕابپێسرێن بە کنە و پشکنین لەو ناوچەیە، ڕەنگە دەرەنجامی باش دەست بکەوێت لە دۆزینەوە و ئاشکراکردنی شوێنەوارەکانی ئەو شارۆچکەیە، بەشێوەیەکی گشتی تا ئێستا مێژووی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بنیاتنانی گوندی شێخ شێروان دیاری نەکراوە، ئەمە بۆ گۆڕستانەکەش ڕاستە، بەڵام بەگوێرەی کۆنترین مێژووی تۆمارکراوی ئەو گۆڕستانە کە لە گومەزی دەروێش عبداللەی ئەندەلوسی نووسراوە، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (١٢ ک/ ١٨ز)، جگە لە گومەزەکان ئەو گۆڕستانە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە گۆڕو کێلە قەبر لەخۆ دەگرێت، کە هەندێکیان تازەن، بەڵام بەشی زۆری مێژوویەکی دێرینیان هەیە. (زیاد، ٢٠٢٢، ٣١٩)

### تەوەری دووەم:

### گومەزەکانی گۆڕستانی شێخ شێروان

یەکێکە لە گۆڕستانەکانە دێرینەکانی ناوچەکەیە، زیاتر لە هەزار گۆڕ لەخۆدەگرێت، کە لەنێویاندا خاوەن شوێنەواری ژمارەیەک لەئەولیا و پیاوچاکانە، کە دوای کۆچکردنیان شوێنەکەیان بە پیرۆزی ماوەتەوە، بەشێوەیەک کە لەسەر گۆڕی بەشێک لەو پیاوچاکانە گومەزی ناوازەیان بۆ بنیات نراوە، لە خوارەوە هەوڵدەدەین بەشێک لەو گومەزانە شیکاری پێویستیان بۆ بکەین.



گۆڕستانی شێخ شێروان، www.google earth.com


گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پاییز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**گومەزی شێخ شێروان:**

یەکێک بووە لە پیاوچاکانی نەوچەکە، وەک ڕێز و شکۆیەک لەسەر گۆڕەکەی گڵکۆیەکیان بۆ بنیات ناوە، کە شێوەیەکی لاکێشەیی هەیە و درێژی و پانیەکەی (٤،٣٠ X٧،٦٠م) دەبێت. دەروازەی سەرەکی دەکەوێتە ناوەڕستی دیواری بەشی ڕۆژهەڵاتی گڵکۆکە، کە تاڕادەیەک بەقەبارەیەکی گەورە دروست کراوە، بەشی سەرەوەی بە عقدێکی نیوەبازنەیی کۆتایی هاتووە، دەروازەکە بەکراوەیی دروستکراوە، واتا هیچ دەرگایەکی بۆ دانەندراوە، پانیەکەی (٢.١٤م)دەبێت، وەبەرزیەکەی (١.٩٠م)ە.


وێنەی بەشی ژوورەوەی گومەزی شێخ شێروان


وێنەی گومەزی شێخ شێروان


نەخشەی گومەزی شێخ شێروان

لەدواوەی ئەو دەروازەیە ژوورێکی شێوە لاکێشەیی دێت کە درێژی و پانیەکەی (٤.٣٠م X ٣.٣٠م)، لەهەردوو ڕووی ژوورەوەی دیواری ژوورەکە بەبەرزی (٥٠سم) لە ئاستی زەوی ژوورەوە دوو دەلاقەی شێوە لاکێشەیی هەیە بە پێوانەی (٨٥ X ٥٥سم) وە قوڵیەکەشیان (٤٠سم) دەبێت، هەمیشە ڕەنگە ئەو ژوورە وەك شوێنێکی یارمەتیدەر بۆ ژووری گڵکۆکە دروست کرابێت و ئەو خەڵکەی سەردانی ئەو شوێنە دەکەن لەو ژوورە پشوو وەردەگرن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەی جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەوەیە کە وەستای بیناساز لە هەرچوار لای گۆشەی ژوورەکە لەبەرزی (٨٠سم) بەرە بەرە هەوڵی گۆڕینی گۆشەی وەستاوی داوە بۆ نزیک لە سێگۆشەیی، بێگومان ئەوەش یەکێکە لە هونەری بیناسازی کە وەستاکان بۆ دامەزراندنی گومەز لە سەر ژوورەکان بەکاریان هێناوە لەگۆڕینی گۆشەی وەستاو بۆ گۆشەی کراوە و دواتر بۆ گۆشەی سێگۆشەیی یان بازنەیی، (عوض، ٢٠٠٢، ٦٨) بەئامانج ئەوەی تاوەکو گومەزەکە باشتر و ئاسانتر بوەستێ و وەستاکان بتوانن بە ڕێگایەکی گونجاو گومەزەکان بنیات بنێن، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی ئەو ڕەگەزەی بیناسازیەوە هێزی بەرگری دیوار و گۆشەکان بۆ هەڵگرتنی گومەزەکە پتەوتر دەبێت و فشار و قورسایی بەشی سەرەوە بۆ خوارەوە کەمتر دەبێتەوە و بەشێوەیەکی یەکسانیش قورسایی بۆ لاکان دابەش دەبێت، بێگومان ئەو شێوازەی بیناسازی لەسەردەمی عوسمانیەکان گەشەی پێدراو بەشێوەیەکی بەرچاو لە بنیاتنانی گومەزەکان بەکاردەهێندرا. (وزيري، ؟، ٢٣)

وەهەروەها لە نێوان ئەو ژوورەو ژووری گڵکۆکە





بەشی ژوورەوەی گومەزی شێخ شێروان

لەدیواری ڕۆژئاوادا دەرگایەك هەیە بە پێوانەی (١.٤٥ X ٩٠سم)، کە لەبەشی سەرەوەی عقدێکی شێوە بازنەیی هەیە، دەرگاکە هەمووی دەکەوێتە نێوو چوارچێوەیەکی شێوە

دەرگای گومەزی شێخ شێروان

لاکێشەیی، دەرگایەکی لەدار دروستکراو کە سێ تەختەی بەیەکەوە لکاو پێکدێت، تەختەکان بەهۆی بزماری گەورە بەیەکەوە لکاون، کە ژمارەی بزمارەکان (٢٤) دانەیە و دابەش بوون بەسەر سێ ڕیز.

بێگومان ئەو جۆرە دەرگاو بزمارانە لە بیناکانی سەردەمی عوسمانیەکان لە ناوچەکە بەرێژەیەکی بەرچاو دەبیندرێن، هەروەک تائێستاش لە حەمام و بەشێک لە خاووەکانی سەر قەڵاتی هەولێر و گەڕەکەکانی (عەرەب، تەعجیل) لەو شێوە دەرگایانەیان بۆ بەکارهاتوون. (احمد، ٢٠٢٢، ٣٠٤)


لەو دەرگایەوە دەچێت بۆ گڵکۆی شێخ شێروان، کە ژوورێکی شێوە لاکێشەییە و درێژی و پانیەکەی (٤.٣٠ X ٤.٣٠م) دەبێت، لە ناوەڕاستی ژوورەکەش قەبری شێخ شێروانی بە تەنها لێیە، بەمەبەستی پارێزگاری کردن لێی ئێستا لەسەر قەبرەکەی سندوقێکی ئەلەمنیومیان بۆ دروستکردووە، لەبەشی ژوورەوەی هەریاک لە دیواری باکوور و باشووری گڵکۆکە سێ دانە دەلاقە بوونی هەیە بە پێوانەی (٤٠ X ٣٠سم) لەبەشی سەرەوە بە عەقدێکی تیژ کۆتاییان دێت، کە دوو دانەیان لە تەک یەکترن، هەرچی دانەکەی ترە دەکەوێتە سەرەوەی دوو دانەکەی تر، بەڵام دیواری ڕۆژئاوا یەک دانە لەو جۆرە دەلاقانەی لێدروست کراوە، هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد کە ئەو دەلاقانە شوێنی دانانی قورئانی پیرۆزە.



گومەزی شێخ شێروان

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەبێت ئەوەش لەیاد نەکەین کە مەزارەکە لە دوو گومەزی گەورەی شێوە نیوەبازنەیی پێکدێت، گومەزی ژووری پێشەوە هەر وەک لە پێشتریش باسمان کرد کە شێوەیەکی نیوەبازنەیی ناڕێکی هەیە، ئەویش لە ئەنجامی هەوڵی گۆڕینی گۆشە وەستاوەکانی ڕوکنەکان بۆ بازنەیی لەبەشی خوارەوەی خودی گومەزەکە، دیارە وەستای بیناساز لەو گومەزەیان سەرکەوتوو نەبووە بە بەخشینی شێوەیەکی نیوەبازنەی ڕێک بە ڕووکاری گومەزەکە، بەڵام گومەزی سەر گڵکۆکە لە بەشی سەرەوەی گۆشەی دیوارەکانەوە هەوڵی بە بازنەیی کردنی دراوە، سەرباری ئەوەش پێش دانانی گومەزەکەش، وەستاکە ملی گومەز(رقبة القبة)ی بۆ دروست کردووە کە شێوەکەی بازنەییە، دیسان ئەویش بەرەگەزێکی گرینگی بیناسازی دادەندرێن کە یارمەتی دەرە بۆ دروستکردنی گومەز، وە ئەوەی تابەتبێت بە گومەزەی سەر گڵکۆی شێخ شێروان، شێوەیەکی نیوەبازنەیی ڕێک هەیە، لەبەشی سەرەوەی بەشێوەیەکی کەمێک تێژ کۆتایی دێت، بەرزی گوموزەکەش لە ژوورەوە (٤.٣٥م) بەرز دەبێت.



نەخشەی گڵکۆی شێخ شێروان

**گومەزی شێخەکانی ئەندەلوس**


گومەزەکانی شێخەکانی ئەندەلوس

لەبەشی باشووری گڵکۆی شێخ شێروان بە دووری نزیکەی (١٠٠م) دوو گومەزی لەتەک یەکتر هەیە، کە تەرمی چەند شێخێکی بەناوبانگ و ناسراوی ناوچەکەی تیادا نێژراوە، پێکهاتووە لە دوو ژووری جیا، لە سەرەوەی هەر ژورێکیش گومەزیان بۆ دروستکراوە. هەردوو ژوورەکە بەیەکەوە شێوەیەکی لاکێشەیی هەیە، کە درێژی و پانیەکەی (٨ X ٤.٥٠م) دەبێت.

ژووری یەکەم پێوانەکەی (٤.٢٥ X ٤م)ە، دەرگای چوونە نەو ئەو ژوورە بەشێوەی لاکێشەییە، سێ پایەی بۆ دروست کراوە بۆ خوارەوە، چونکە زەوی ژوورەکان نزمترە بە بەراورد بە زەویەکانی دەوروبەری، ئەو ژوورە قەبری سێ لە شێخە دیارەکانی ئەو گوندە لەخۆ دەگرێت، ئەوانیش بریتین لە (شێخ جامی شێخ حسن شێخ عبدالله


گۆڕی شێخەکانی ئەندەلوس

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەندەلوسی ١١٢٨ك/١٨٤٨ز)، کە ئەو شێخ جامیەش ناوبانگێکی زۆری هەبووە، بۆیە جگە لە ناوی شێخ شێروان، ئەو گۆڕستانە بە ناوی شێخ جامیش بەناوبانگە، لەهەردوو لای ڕاست و چەپی شێخ جامی، قەبری دوو لە شێخەکانی ئەندەلوسی هەیە، ئەوانیش (شێخ مەعروف شێخ حسن شێخ عبدالله ئەندەلوسی) کە دەکاتە برای شێخ جامی، وەهەروەها لە لای چەپیش (شێخ محمد شێخ حسن شێخ عبدالله ئەندەلوسی) کە بە شێخ محمد عزە ناسراو بوو، ئەویش هەر برای شێخ جامیە، بە گوێرەی گێڕانەوەکانی خەڵکی گوندەکە ئەو شێخانە لە بنەڕەت خەڵکی ئەندەلوس بوونەو بنچینەکەیان بۆ ئەو شوێنە دەگەڕێتەوە، هەر بۆیە نازناوی شێخەکانی ئەندەلوسیان لێنراوە.

ئەوەی تایبەت بێت بە گومەزەکە، شێوەیەکی نیوەبازنەیی هەیە و بەرزی گومەزەکە لە ناوەوە نزیکەی (٥م) بەرز دەبێت، لەبەشی خوارەوەی گومەزەکە دوو چوارچێوە(مل)ی بازنەیی بوونی هەیە، ئەمەش بۆ زیاتر بەرگری و بەهێزی گومەزەکەیە(پێشتر لە باسی گومەزی شێخ شێروان بە درێژی ئاماژەمان بۆ هۆکاری دروستکردنی ئەو جۆرە لە ڕەگەزی بیناسازیەی گومەزەکان کردبوو.

هەر لەتەك گڵکۆی شێخ جامی، ژوورێکی تر بوونی هەیە کە بەهۆی دەروازەکی شێوە عقدی تیژ بە پێوانەی (١.٦٠X ١.٨٢م) دەتوانی بچیتە ژوورەکەی تر، کە ئەویش مۆڵگەی گۆڕی سێ لە شێخەکانی ئەندەلوس لێیە بەناوەکانی، (دەروێش عبدلله ئەندەلوسە ١١١٤ك/١٦٩٤ز) دەکەوێتە ناوەڕاست، تا ئێستا کۆنترین مێژوو کە نووسرابێت لەو گۆڕستانە بریتییە لە مێژووی دەروێش عبدلله کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دوازدەی کۆچی و حەڤدەی زایینی. وەلە تەنێشتەکانیشی گۆڕی دوو شێخی تری لێیە بەناوەکانی (شێخ حسن شێخ عبدالله ئەندەلوسی، ناسراو بە عەبارەش)لەلای ڕاست، وە (شێخ محمود شێخ عبدالله ئەندەلوسی) لەلای چەپ، کە هەردووکیان کوڕی دەروێش عبدولان، ژوورەکە شێوەیەکی چوارگۆشەیی هەیە کە درێژی و پانیەکەی (٤.٢٥ X ٤م)ە، ئەم گڵکۆیەش خاوەن گوموزێکی بەرزە، کە شێوەیەکی نارێکی هەیە و لە گومەزێکی شێوە پیازی(قبة البصلية) دەچێت، بەهەمان شێوەی گوموزی پێشتر لەبەشی خوارەوەی گومەزەکە دوو چوارچێوە(مل)ی بازنەیی بوونی هەیە.


گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**گومەزی شێخ حسن شێخ جامی ماستاوەیی:**



گومەزی شێخ حسن شێخ جامی ماستاوەیی

ئەمەشیان یەکێکە لە گومەزەکانی گۆڕستانی شێخ شێروان، نە دووری نزیکەی (٦٥م) دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی گڵکۆی شێخەکانی ئەندەلوس، ئەوەیان لە گڵکۆکانی پێشوتر بەوە جیدەکرێتەوە کە گڵکۆی شێخ حسن شێخ جامی ماستاوەیی تەنها لە یەک گومەز پێکهاتووە، کە قەبری پێنج شێخێکی تریش لەو ژوورە نێژراوە، بەڵام ئاماژە بە ناو و مێژووی ئەو گۆڕە نەکراوە، ژوورەکە شێوەیەکی چوارگۆشەیی هەیە بە پێوانەی (٤.٤٥ X ٤.٤٥م)، یەک دەروازەی هەیە دەکەوێتە ناوەڕاستی دیواری باکوری گڵکۆکە، کە شێوەیەکی لاکێشەیی هەیە و بە عقدێکی بازنەیی کۆتایی دێت، پێوانەکەشی (٩٠ X ١.٥٥سم) دەبێت، وەدەرگاکە هەمووی کەوتۆتە ناو چوارچێوەیەکی شێوە لاکێشەیی، لەبەشی ناوەوەی گڵکۆکە لەدوو ڕیز قەبرەکان هەڵکەندراون، لەهەر لایەکی دیوی ژوورەوەی گڵکۆکە(جگە لە دیواری باکوور) سێ دەلاقەی بچوک بوونی هەیە کە لەبەشی سەرەوەیان بە عقدێکی بچوک کۆتاییان دێت.



نەخشەی گومەزی شێخ حسن شێخ جامی مستاوەیی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەی تایبەت بێت بە گومەزی گڵکۆی شێخ حسن ماستاوەیی، پێکهاتووە لە گومەزێکی شێوە پیازی کە بڵندیەکەی (٥.٩٠سم) دەبێت، گومەزەکە لەسەر دوو پشتێن وەستاوە، دانیەکیان شێوەی بازنەییە، بەڵام ئەوەی تریان شێوەکەی هەشت لایە.




بەشی ناوەوەی گومەزی شێخ حسن ماستاوەیی

**گومەزی بابە شێخ کوڕی شێخ حسین**

یەکێکە لە گڵکۆکانی گۆڕستانی شێخ شێروان، بە پێی ئەو نووسراوەی کە دەکەوێتە ڕووی پێشەوەی لای ڕاستی دەرگا، لە دیواری باشووری گڵکۆکە، مێژووەکەی بۆ سەدەکانی (١٤ك/٢٠ز) دەگەڕێتەوە، وە بەشێوەیەکی دیاریکراو بۆ ساڵی (١٣٣٨ك/١٩٢٠ز)، ئەو مێژووەش لەناو چوارچێوەیەکی شێوە لاکێشەیی بە چوار



نووسین لەسەر دیواری گڵکۆی بابە شیخ کوڕی شیخ حسین





نەخشەی گومەزی بابە شێخ کوڕی شێخ حسین

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پاییز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕیز بە زمانی عەرەبی بە خەتی ثلث لەسەر بەردێکی ڕوخامی تۆمارکراوە،

نووسینەکەش بریتیە لە (کل من علیها فان / هذا مرقد المرحوم المغضور لە / بابە شیخ ابن شیخ حسین توفي في / شهر جماد الاخر سنة ١٣٣٨)، واتا (هە موو ئەو کەسانەی لە سەر ڕووی زەوین هەر هەمووی فەوتاو و تیاچوون و دەبێت بمرن، ئەم گڵکۆیە هی خوا لێخۆشبوو، بابە شێخ کوڕی شێخ حسن کە وەفاتی کردووە لە، مانگی جماد الاخر لە ساڵی ١٣٣٨).



نەخشەی گومەزی بابە شێخ کوڕی شێخ حسین

گڵکۆی بابە شێخ خاوەنی تەنها یەک دەرگایە کە دەکەوێتە ناوەڕاستی دیواری باشوور، پێکهاتووە لە چوارچێوەیەکی لاکێشەیی (٢١٠ x ١٠٩سم)، وە دەرگاکە دەکەوێتە ناو ئەو چوارچێوەیە، پێوانەی دەرگاکە (١.٦٧ x ٩٠سم) دەبێت، وەلەبەشی سەرەوەی عقدێکی نیوەبازنەیی هەیە.

ژووری گڵکۆکە شێوەیەکی لاکێشەیی هەیە، (٦.٦٠ x ٦.٦٠سم) پێوانەکەیەتی، قەبری بابە شێخ دەکەوێتە ناوەڕستی ژوورەکە، لە دیوارەکانی باکوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، لەدیوەی ژوورەوەدا کۆمەڵێک تاقی شێوە لاکێشەیی هەیە کە بەشی سەرەوەیان بە عقدی نیوەبازنەیی کۆتاییان دێت، لەبەشی سەرەوە گومەزێکی شێوە پیازی هەیە، کە بڵندیەکەی نزیکەی (٦.٣٠سم) دەبێت، لەبەشی خوارەوەی گومەزەکە دوو پشتێنی شێوە بازنەی و هەشت لای پێکدێت.

ئەوەی تایبەت بە کەرەستەی گڵکۆکە، ئەوە لە خشتی سوورەوەکراو و گەچ دروستکراوە، دیوارەکانی لەهەردوو ڕووی دەرەوە و ناوەوەی بە گەچ ڕووپۆش(لبغ) کراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## گڵکۆی شێخ عبدالمجید



هەر لە چوارچێوەی گۆڕستانی شێخ شێروان، لە دووری نزیکەی (١٥٠م) لە گڵکۆی شێخ حسن شێخ جامی ماستاوەیی گڵکۆی شێخ عبدالمجید بەبەرچاومان دەکەوێت، کەئەویش یەکێک بووە لە شێخەکانی ئەو ناوچەیە و گومەزێکی جوان و سەرنج ڕاکێشی بۆ دروستکراوە، کە تاڕادەیەک لە گومەزەکانی تر جیاوازە، ئەویش لەبەر ئەوەی بەرزترین گومەزە



وێنەی گومەزی شێخ عبدالمجید


بەبەراورد لەگەڵ گومەزەکانی تر، کە نزیکەی (٧.٥٠م) بەرز دەبێت، وەهەروەها وەک گومەزەکانی تر ڕوپۆش نەکراوە بە گەچ، بەڵکو لە دەرەوەو لە ژوورەوەش خشتی سورەوەکراو دەبیندرێت کە کەرەستەی سەرەکی دروستکردنی گومەزەکەیە، گڵکۆکە لە ژوورێکی شێوەی چوارگۆشەیی پێک دێت، کە درێژی و پانیەکەی (٦.٣٠ X٦.٣٠م)ە، وە دەرگای سەرەکی دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای گڵکۆکە، کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


شێوەیەکی لاکێشەیی هەیە بە پێوانەی (١.٩٠ X ٧٠سم)، هەچی گومەزەکەیە شێوەیەکی تیژی هەیە، گومەزەکە لەسەر بنچینەیەکی شێوە هەشت لایی چەسپ بووە، کە پانیەکەی (٧٥سم) دەبێت.

**بەراوردێک لە نێوان گومەزەکانی شێخ شێروان و گومەزەکانی تری هاوشێوە لە ناوچەکەدا**

بێگومان بوونی گومەزی سەر قەبر و گۆڕستانەکان دیاردەیەکی بڵاوی وولاتانی ئیسلامیە، کوردستانیش بێبەش نەبووە لەو بیناسازیە ئاینیە، بەشێوەیەک لە تەواوی ناوچەو شوێنە جیاوازەکان گومەزی شێوە جیاواز دەبیندرێت، هەر لە نزیک گۆڕستانی شێخ شێروان، لە گوندی سەردار(عزە) گومەزی هاوشێوەی گۆڕستانی شێخ شێروان هەیە بۆنموونە گومەزی شێخ عبدالعزیز کە بە شێخ







نەخشەی گومەزی شێخ عبدالمجید

(عزە) ناسراوە، لەڕووی دروستکردنیەوە تاڕادەیەکی زۆر لە گومەزی شێخ شێروان دەچێت بەشێوەیەک کە هەردووکیان شێوەیەکی لاکێشەییان هەیە و لە دوو ژووری جیا پێکدێن، وەهەروەها دەروازەو دەرگاکانی لەسەر یەک شێواز دروستکراون، هەرچەندە هیچ جۆرە نووسینێکیان لەسەر نیە کە ئاماژەداربێت بۆ کاتی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


دروستکردنەکەیان، بەڵام لەڕووی هێلکاری بیناسازیەوە پێدەچێت سەردەمیان لەیەکتر نزیکبێت، یان کاریگەریان لەسەر یەکتر هەبووبێت و هەمان نەخشەیان دووبارە بەکارهێنابێتەوە.

هەر لەنزێک گومەزی شێخ عبدالعزیز، گومەزێکی تر هەیە کە لەڕووی شێوەو نەخشەسازیەوە زۆر لە گومەزی شێخ حسن شێخ جامی مستاوەیی نزیکە، بەشێوەیەک کە هەردووکیان شێوەیەکی چوارگۆشەییان هەیە و لەبەشی سەرەواشیان لە لە گومەزێکی نزیک لە شێوە پیازی پێکدێت و گومەزەکان لەسەر دوو پشتێن وەستاوەن، دانیەکیان شێوەی بازنەییە، بەڵام ئەوەی تریان شێوەکەی هەشت لایە.





ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کە زۆربەی گومەزەکان لە ڕووی شێوەو کەرەستەی دروستکردنەکەیان لەیەکتر نزیکن کە گومەزی شێوە نیوەبازنەیی و شێوە پیازی باڵادەستن، لەگەڵ کەرەستەی خشتی سورەوەکراو(طابوق



دەرگای ژوورەوەی گومەزی نەقشەبەندی لە بامەڕنێ



دەرگای گومەزی سولتان حسین لە ئامێدی



دەرگای گومەزی شێخ شێروان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

المحروق)، وەهەروەها دەرگاکانیان لە تەختەی دار دروست کراون، وەک دەرگای گومەزی شێخ شێروان و دەرگای گومەزی نەقشەبەندی لە بامەڕینێ و دەرگای گومەزی سولتان حسین لە ئامێدی کە دروستکردن و شێوازی لکاندنی تەختەکان بەیەکەوە زۆر لەیەک دەچن، ڕەنگە کاتی دروست کردنەکەیان زۆر نزیک بێت لەیەکەوە.

بەشێوەیەکی گشتی لە تەواوی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان نمونەی زۆرمان لەبەردەستە کە هاوشێوە بن لەگەڵ گومەزەکانی گۆڕستانی شێخ شێروان، بەجۆریک کە دەتوانین بڵێین لەڕووی پێکهاتەو یەکە بیناسازیەکانانەوە زۆر لەیەک نزیکن، وەک (گومەزی شێخ مەلا صالح یکن لە گۆڕستانی گەورەی ناو شاری هەولێر، گومەزی باپیر فەقێ لەناو قشلەی کۆیە، ) ناتوانین تەواوی زانیاریرکان لەسەر ئەو نموونانە باس بکەین لەبەر ئەوەی توێژینەوەکەمان زۆر درێژ دەبێتەوە.

**دەرەنجام و کۆتایی**

لەدوای بەئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (گومەزەکانی گۆڕستانی شێخ شێروان) بەشێوەیەکی مەیدانی سەردانی تەواوی گومەزەکانی ئەو گۆڕستانەمان کرد و لە ڕووی زانستی شوێنەواریەوە دەستنیشانی کێشەو ئاریشەکانی گومەزەکانمان کرد، کە دەتوانین بە شێوەی خاڵ لە خوارەوە بیانخینە بەر دیدی خوێنەران.

1. لە میانی ئەو توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە لە کوردستان گومەزی شێوە جیاواز بنیات نراوە وەک گومەزی (نیوە بازنەیی، تیژ، مخروتی، پیازی)، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج بێت ئەوەیە کە گومەزی سەر گۆڕستانەکان بەشوەیەکی گشتی لە نیوەبازنەیی پێک دێن (ئەمەش مانای ئەوەنیە کە شێوەکانی تر بەکارنەهاتوون، بەڵام زیاتر شێوەی نیوەبازنەیی بەرچاو دەکەوێ)، ئەمەش دەکرێ پەیوەندی بە بیروڕای ئاینیەوە هەبووبێت کە ئەو شێوەیە لە گومەز زیاتر شێوەی ئاسمان بنوێنێت و مرۆڤ زیاتر پەیوەست بکات بە ئاسمانەوە، جگە لەوەی کە دروستکردنی گومەزی نیوەبازنەیی ڕەنگە تاڕادەیەک ئاسانتر ێت لە شێوەکانی تر.
2. تەواوی ئەو گومەزانەی دەکەونە سنوری گۆڕستانی شێخ شێروان، بە دەستی ناشارەزیانی بواری هونەری بیناسازی شوێنەواری، هەڵمەتی نۆژەنکردنەوەی نازانستیان بۆ ئەنجام دراوە،

بەشێوەیەک کە کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر بەها شوێنەواریەکەی و توشی شێواوی لەسیمای ڕەسەنی گومەزەکان کردووە.

3. لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی نۆژەنکردنەوەکان ئەنجام نەدراون، بۆیە ناویستانە مادە و کەرەستەی سەردەمیانە بەکارهێندراوە وەک چیمەنتۆ، بلوک، شیش، دەرگای ئاسن، بێگومان ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە و بەشێوندنی بنچینەی شوێنەواری ئەو ناوچەیە دادەندرێت، ئەگەرچی بۆ ڕزگار کردن و پاراستنیش بەکارهێندرابن.
4. گەشتیاران و سەردانکارانی ئەو گۆڕستانە جێدەستی نەشیاوی خۆیان لە سەر ڕووی دیوار و یەکە جیاوازەکانی بیناسازی گومەزەکان بەجێهێشتووە، وەک (نووسین، بۆیەکردن، هەڵکەندن، ڕوشاندن)، کە ئەمەش دیاردەیەکی ناپەسەندە کە ڕووبەڕووی شوێن و پارچە شوێنەواریەکان دەبێتەوە، چونکە دیاردەی نووسین و بۆیەکردن یان هەڵکەندن و ڕوشاندن دەبێتە بێ ئەرزشکردنی شوێنەوارەکان.
5. جگە لە هۆکاری مرۆیی هۆکاری سروشتیش کاریگەری خراپ و بەرچاوی بەجێهێشتووە لەسەر شوێنەوارەکان بەگشتی، شوێنەوارەکانی گۆڕستانی شێخ شێروانیش لەو هۆکارانە بەدەرنیە، بەجۆرێک کە زۆربەی گومەزەکان توشی درز و قڵیشان و تەقین بوونەتەوە.

**پێشنیار و ڕاسپاردەکان:**

1. دەکرێ لەڕووی نەخشەسازیەوە سوود لەشێوازی بونیاتنانی ئەو گومەزانە وەربگیرێ، بەتایبەتی ئەگەر بەرپرسانی پاراستن و پەرەپێدانی فەرهەنگ و کلتووری کوردی هەوڵی پاراستنی تایبەتمەندی بیناسازی ڕەسەنی کووردی بدەن، ئەوا بۆ داهاتووی هونەری بیناسازی سوودی باشی دەبێت.
2. یەکێک لەگرینگترین ئەرکەکانی لایەنی پەیوەندیدار (بەڕیوەبەرایەتیەکانی شوێنەوار، شوێنەوارناسان) هەڵمەتێکی چڕی پەرەپێدانی هۆشیاری بەرپابکەن، بەشێوەیەک کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا ڕابێنن لەسەر دەستکاری نەکردن و پاراستنی شوێنەوارەکان، چونکە ناسنامە و وێنەی ژیانی ڕابردووی باپیرانمان دەنوێنن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤاریکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەکان


1. احمد محمد الشافعي، احمد عبدالرحيم، أضواء جديدة على القبة الصليبة مجلة كلية الآداب، جامعة سوهاج، العدد السابع والأربعون، الجزء الأول، أبريل ٢٠١٨م.
2. ألاستير نورثيدج، وصف قصر الخليفة في سامراء (دار الخلافة أو الجوسق الخاقاني)، مجلة الاداب الاجنبية، دمشق، عدد ١١٦، سنة ٢٠٠٣.
3. أحمد الداودي ، التعامل مع الموتى من منظور الشريعة الإسالمية والقانون الدولي الإنساني :اعتبارات الطب الشرعي الدكتور فى مجال العمل الانسانى، المجلة الدولية للصليب الأحمر )، (99 )2، 2017.
4. جورج كونتينو، الحياة اليومية في بلاد بابل واشور، ترجمة سليم طه التكريتي وبرهان عبد التكريتي ، بغداد ، 1986.
5. Creswell, Early Muslim Architecture, volume 2, 1979
6. خالد محمد معاذ كرام، العمائر الإسلامية وأشهر معالمها، (د،س).
7. رياض عبدالكريم عوض، استخدام وحدات مسبقة الصب في إنشاء القباب: قبة مسجد صلاح الدين الأيوبي في طولكرم – فلسطين، مجلة جامعة النجاح للأبحاث (العلوم الطبيعة) المجلد (١٦)١ ،٢٠٠٢.
8. زیاد ئەحمەد موحەممەد، نووسین وێنەی سەر کێلە قەبرەکانی گۆڕستانی شێخ شێروان، گۆڤاری ئەکادیمای کوردی، ژمارە (٥٢)، هەولێر، ٢٠٢٢.
9. عبدالله غفور، فەرهەنگی جوگرافیای هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٥.
10. عبدالله عبد السلام الحداد، مقدمة في الآثار الاسلامية، دار نشر الكتاب العربي، القاهرة، ١٩٩٨.
11. فتيحة شلوق، العمارة الدينية بمنطقة الزاب دراسة أثرية ومعمارية، كلية اداب والعلوم الانسانية والاجتماعية، قسم اثار الصحراوية، كسرة، ٢٠٠٧.
12. كمال محمود كمال محمد الجبلاوي، المعنى فيما وراء القباب مع دراسة نماذج في العصر الحديث، Journal of Engineering Sciences Assiut University Faculty of Engineering Vol. 49, No. 4 July 2021
13. ماري أوديل روسية، ترجمة، نورا اريسيان، اثار الاسلامية في العراق، مجلة الاداب الاجنبية، دمشق، عدد ١١٦، سنة ٢٠٠٣.

14. محمد حمزة اسماعيل الحداد ، القباب في العمارة المصرية الاسلامية، القبة المدفن(نشاتها وتطورها)، حتى نهاية العصر المملوكي، الطبعة الاولى، القاهرة، ١٩٩٣.
15. مسلم بن الحجاج القيشري النيسابوري، صحيح مسلم، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء التراث العربي، بيروت، 1423 هـ.
16. نائل حنون عليوي، عقائد ما بعد الموت في حضارة بلاد وادي الرافدين القديمة ، ط2 ، بغداد ، 1986.
17. هۆشيار عدالله، ناوی جوگرافی و مێژوويی هەندێ لە گوندەکانی هەولێر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی گرین گالۆری، لبنان، ٢٠٠٩.
18. يحيى حسن وزيري، القبة في العمارة الاسلامية بين اصالة التصميم والتطوير الواعي، مركز الدراسات التخطيطية والعمارية، ب.س.

---

## Shekh sherwan cemetery dome
### (Field research)

**Asst. Lect. Jange Zrar Kurda**
Archaeology Department, College of Art, Salahaddin University, Erbil Kurdistan Region, Iraq.
jange.khudhur@su.edu.krd

***Key words***: *dome, cemetery, Sheikh Sherwan Village, architectural elements, grave*

## Abstract:
Shekh Sherwan Cemetery is located on the border of Shekh Sherwan village in Shamak district, in the southwest direction of Erbil city, about 32 km away. One of the most famous and ancient cemeteries in the city.
So far, no any academic research or excavations have been conducted to prove the history of the archaeological remains of the cemetery, and it’s not known exactly the construction date of the site of the cemetery, also it hasn’t been mentioned at any other sources. What exists at the inner part of the wall of the dome (Darwish Abdullah Andalusi) records the date (1114 AH / 1694 AD), Not older inscriptions have been found.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

In this study, we have tried to scientifically focus on the domes of the cemetery, which consists of about seven domes (one of them is new and not considered as an archaeological site) and are somehow different in shape and size. This cemetery is also called the Seven Gomez Cemetery.
Some of the tombs have been restored, but not by experts. The work has been done by the villagers of Sheikh Sherwan themselves, which has had a negative impact on the authenticity of the remains of the cemetery.
Therefore, the main aim of this field research is to study, shape and plan of the tombs of the cemetery, with the analysis of the architectural elements of the archaeological domes. In terms of decoration, the domes are generally poor. Despite of that, analysis of the remained ornaments from domes has not been forgotten, whether they are botanical, geometric or calligraphy.

.

# قباب مقبرة شيخ شيروان

## (دراسة تحليلية ميدانية)

**ملخص:**
تقع مقبرة الشيخ شيروان في قرية الشيخ شيروان التابعة لقضاء شماك جنوب غرب مدينة أربيل بحوالي (٣2 كم). وتعد من احدى أشهر وأقدم المقابر في تلك المدينة.
وبالطبع حتى الان لم يتم إجراء أي بحث أكاديمي والتنقيبات الاثرية حول القباب المقبرة وبقاياها الأثرية ولا يعرف بالضبط متى تشكلت مقبرة، حيث أنه لم يرد ذكر لهذا الغرض في أي مصدر، إلا أن ما هو موجود على الجزء الداخلي من جدار القبة (درويش عبد الله الأندلسي) سجل تاريخ (1114هـ/1694م)، ولم يتم العثور على نقوش أقدم منه. وقد حاول الدراسة التركيزا علمياً على قباب المقبرة التي تتكون من حوالي سبع قباب، (أحد الاضرحة لها تاريخ بناء جديد، أي لا تعتبر موقعًا أثريًا)، أنهما تختلف إلى حد ما في الشكل والحجم، ولهذا السبب تسمى تلك المقبرة أيضًا بمقبرة القباب السبع، وقد تم ترميم بعض القباب، ولكن ليس من قبل الخبراء الاثار، وبدلاً من ذلك، قد قام أهالي قرية الشيخ شيروان بأنفسهم بذلك، مما كان له أثر سلبي على اصيل بقايا القباب المقبرة. ولذلك فإن النقطة الأساسية في هذه الدراسة الميدانية التي يتم التركيز عليها هي شكل ومخطط قباب المقبرة، وتحليل نوع من العناصر لبناء القباب الأثرية، وعلى الرغم من أن تلك القباب عمومًا فقيرة من حيث الزخارف، إلا أن لم ننسه تحليل كمية من الزخارف التي المزينة القباب، سواء كانت تلك الزخارف نباتية أو هندسية أو كتابية. وأنواع المواد المستخدمة في القباب عبارة عن الطوب المحروق بمختلف أشكاله وأحجامه، مع استخدام الجص لتغطية الأسطح الخارجية والداخلية للقباب.